## مەبەستمان چی یە لە کۆمەڵناسی سیاسی

کۆمەڵناسی سیاسی ئەو زانستەیە کە  توێژینەوە دەربارەی دیاردە و سیستمە سیاسییەکان دەکات لەبەر ڕۆشنایی بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگادا. تا ئەو ڕادەیەی کە سیستەمی سیاسی ڕێڕەوی کۆمەڵگا دیاری دەکات و بنەما و سیستمەکانی خۆی دادەنێت، کۆمەڵگاش بە نۆرەی خۆی هەوڵ دەدات بە بەها و بیرۆکەکانییەوە بناغەکانی حوکمڕانی دیاری بکات.

هەندێکتر بەیەکێک لەبوارەکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی دادەنێن کە توێژینەوەی دیاردەی سیاسیەکان دەکات لە ناو کۆمەڵگەی سیاسیدا کەبە دەوڵەت ناو دەبرێت، لەڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی زانستی.

لەچوارچێوەی ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان بوارەکان و بابەتەکانی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیدا لەوتارێکی هاوبەشدا هەردوو بیرمەند "لبست" و "بندکس" ئەوەیان خستۆتەڕوو کە

زانستی سیاسی باسی دەوڵەت دەکات و توێژینەوە دەکات کە چۆن دەوڵەت کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دەکات، لە کاتێکدا کۆمەڵناسی سیاسی بە کۆمەڵگا دەست پێدەکات و لە کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر دەوڵەت دەکۆڵێتەوە.

ئەمەش بەو مانایە دێت کە تێڕوانینی زانایان و پسپۆڕان بۆ دیاردەی سیاسەت دەکرێت لە گۆشەنیگای دەوڵەتەوە بێت یاخود لە گۆشەنیگای کۆمەڵگاوە بێت، بەمەش دەتوانین بڵێین تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی بۆ دیاردەی سیاسی لە پسپۆری کۆمەڵناسی سیاسییە.

(بۆ تۆمۆر) پێی وایە کە کۆمەڵناسیی سیاسی ئەو زانستەیە کە گرنگی بە خوێندنی هێز دەدات لە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی.

ئەمەش مانای ئەوە نییە بابەتی هێز تەنها بابەت بێت کە سروشتی خوێندنی کۆمەڵناسی سیاسی دیاری دەکات ئەوەندەی مانای ئەوەیە کە بابەتی سەرەکیە لە دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاک و گرووپ و دامەزراوەکانی کۆمەڵگ.

هەرکەسێک هێزی  بەدەستەوەبێت دەتوانێت وێنای سیاسەتی ئەوانیتر بکێشێت، ئەمەش پەیوەستی چەمکی هێز Power بە چەمکەکانیترەوە کە کۆمەڵناسی سیاسی گرنگی پێدەدات وەک وەک چەمکەکانی: دەسەڵات Authority، توندوتیژی Violence، هەژموون Influence، کۆنترۆڵکردن Dominance.

کەواتە کۆمەڵناسی سیاسی ئەو زانستەیە کە گرنگی بە چەند پرسێکی بنەڕەتیی پەیوەست بە چالاکی مرۆڤی سیاسی دەدات، لە چوارچێوەی کۆمەڵگا.

واتا سیاسەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؛ بۆیە دەکەوێتە چوارچێوەی گرنگیپێدانی کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی گشتی و کۆمەڵناسی سیاسی بەتایبەتی، بەمەبەستی خوێندن و تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە.

بونیاتنان و گەشەسەندنی کۆمەڵناسی سیاسی

لە رەهەندی دیاریکردنی یەکەمین پێشڕەوان  یان باوکە دامەزرێنەرەکانی ئەم زانستە، تێبینی ئەوە دەکەین کە هەندێکیان ئاماژە بە فەیلەسووفانی یۆنان دەکەن.

لەکاتێکدا هەندێک لە زانایان و پسپۆڕان سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵناسیی سیاسی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ڕێنێسانس و سەردەمی ڕۆشنگەری.

لەکاتێکدا هەندێکیتر بۆ بۆ زانایانی عەرەب لە سەردەمی ئیبن خەلدون و پاش ئەو دەگەڕێنەوە.

(گاستۆن پۆتۆل) پێیوابووە کە کە ئەفلاتون و ئەرستۆی پێشەنگانی ئەم زانستەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی جیاوازییان هەبووە لە ئاراستەی بیرکردنەوەیان لە چەمکی کۆمەڵناسی سیاسی بەڵام دواجار پێیوایە نوێنەرایەتی ڕوانگەیەکی سەرەکی دەکەن لەم لقە زانستییە.

لەحاڵەتی ئەفلاتووندا کە نوێنەرایەتی بیرۆکەی پێوەری دەکات، کۆمەڵناسی ئەرستۆ لەسەر بنەمای چاودێری و بەراوردکردن بووە.

توێژەرانی گەشەی سۆسیۆلۆژیای سیاسی پێیانوایە کە شۆڕشی فەرەنسا فاکتەرێکی گرنگ بوون لە چوارچێوەی پەرتەوازەیی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە زاڵ بوون و دەرکەوتنی فۆڕمێکی نوێی بیرکردنەوەی سیاسی جگە لە بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی و شۆڕشی پیشەسازی. کە فاکتەری گرنگ بوون لە بونیاتنانی کۆمەڵگای ئەوروپی نوێ. بووە هۆی جەختکردنەوەی زانایان سەبارەت بە گرنگیدان بە شیکاری و ڕاڤەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت.

واتە بابەتی سەرەکی بایەخدان بە سۆسیۆلۆژیای سیاسی و سەرەنجام بۆ ماوەی سەدە و نیوێک تێگەیشتنێکی نوێ هاتە ناو ژیانی سیاسیی لە کۆمەڵگای دەوڵەتە نوێیوکان وەک

هەڵبژاردن، پارتە سیاسییەکان، بیرۆکراتیەت، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕای گشتی و مەسەلە بنەڕەتییەکانی تر کە ناوەندی سەرنجی کۆمەڵناسی سیاسین لە ئێستادا.

**هزری سیاسی ئەفلاتوون:**

ئەفلاتون(427-347پ.ز)، بە یەکێک لە پێشینەکانی بەشداربووەکانی دەوڵەمەندکردنی کولتوری هزری دادەنرێت، هەرچەندە فەیلەسووفێکی نموونەیی(میسالی)بوو. بەڵام هەوڵەکانی چڕکردبۆوە لە توێژینەوەی دەوڵەتی نموونەیی، کە ئەمەش لەگەڵ کۆمەڵناسی سیاسیدا زۆر یەکناگرێتەوە، چونکە وەک باسمان کردکۆمەڵناسی سیاسی لە دیاردەی سیاسی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی زانستی بابەتیانە دەکۆڵێتەوە.

ئەفلاتون لە گۆشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە سەیری دیاردەی سیاسییەکانی دەکرد، لەکاتی باسکردنی شاری چاکەکاراندا گرنگی دەدا بە کاریگەرییەکانی گۆڕاوە کۆمەلایەتییەکان لەسەر سیاسەت و حوکمڕانی.

هەروەها گرنگی دەدا بە بونیاد و دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر پێگەیاندنی تاکەکان بە پێگەیاندنێکی سیاسیێکی تەندرووست.

بۆیە گرنگی داوە بە بابەتی پەروەردەکردنی سیاسی و کاریگەری ئەو ڕۆڵەی کە خێزان و سیستەمی پەروەردە وەک فاکتەرێکی گرنگ بینیوە بۆ ئەم پەروەردەکردنە وەک یەکێک لەگرنگترین بابەتەکانی کە کۆمەڵناسی سیاسی دەیخوێندەوە.

چەمکی(مەعریفە چاکەیە)، مانای ئەوەیە کە فەزایەکی بابەتی هەیە کە دەتوانین بە بەکارهێنانی عەقڵ و شیکردنەوەی زانستی بابەتی و ئەو ڕاستییەی کە فەیلەسووف توانای ئەو کارەی هەیە دەستنیشانی بکەین. بەمەش فەیلەسوفان باشترین کەسانێکن بۆ فەرمانڕەوایی. چونکە بە کۆمەڵێک قۆناغی ڕاهێنان و فێرکردندا تێپەڕبووە.

واتا دەکرێت دەستەبژێری سیاسی لەڕێگەی چەند ئامرازێکەوە بۆ کۆمەڵگا بەرهەم بهێندرێت. لە دوای دیاری کردنی ئەو کەسانەی کە سیفەتی زیرەکی و تەندروستی و گەشەی باش و فیربوونی نووسین و خوێندنەوە و بیرکاری و مۆسیقا و پەروەردەی وەرزشیان هەیە.

پاشان سەرکەوتووەکان بە قۆناغی خوێندنی سەربازی و پاشان زانستە فەلسەفییەکان لە قۆناغی پێگەیشتن.

ئەم پلانە بەردەوامی فێربوونە کە لە هەموو قۆناغێکدا سەرنەکەوتووەکان لادەبرێت. دەبێتە هۆی ئەوەی لە کۆتایدا چەند کەسێکی سەرکەوتوومان دەست بکەوێت. خاوەن توانای بەرزبن کە بتوانن چاکە و خراپە دیاری بکەن و دادپەروەری بە جوانی بناسن و سیستەمەکانی حکومەت دابڕێژن و بزانن چۆن چاکسازی بکەن.

زانست بەلای ئەفلاتوونەوە چاکەکارییە و چاکەکاریش بەختەوەرییە. زانا ئەو پیاوە چاکەکارەیە کە دەتوانێت چاکە و بەختەوەری بۆ کۆمەڵگا بهێنێت کاتێک لە ناوەندی حوکمڕانی و بەرپرسیارێتیدا بێت.

**هزری سیاسی ئەرستۆ:**

ئەرستۆ (385-322 پ.ز)، لەکتێبی "سیاسەت" دا دەڵێت کە کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەک، بابەتێکی سروشتییە و مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. واتە مرۆڤ بە ئیرادەیەکی بەهێز دەیانەوێت لە کۆمەڵگەدا بژین. ئەمەش ڕێگر نییە لەوەی هەریەکەیان بە بەرژەوەندی خۆی و بە ویستنی گەیشتن بە بەشی خودی بۆ ئەو بەختەوەرییەی کە پێویستە پێی بگات.

ئەرستۆ لە کتێبی"سیاسەت"دا، بابەتی سەرەکی بریتی بووە لە دەوڵەت. پێیوابووە، کە تاك ناتوانێ بەبەردەوامی ململانێی دەوروبەری بکات، بۆیە پێویستیی بە پێکەوەژیانە. لێرەوە بیرۆکەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی مرۆڤ بە مرۆڤ سەر هەڵدەدات، کە مەبەست لێی دروستکردنی دەوڵەتە وەك چوارچێوەی کار و ڕێکخستنی کۆمەڵگە.

ئەمەش تێروانینی سیاسی ئەرستۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە کۆبوونەوەی مرۆیی.

ئەرستۆ لە کتێبی"سیاسەت"دا دەڵێت: حوکمی عادل و دادپەروەر، ئەوەیە خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی یان بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵک، بەدیبێنێت. ئەرکی ڕاستەقینەی حوکمڕانی، بریتییە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و کاری چاکە بۆ مرۆڤ.

پێیوایە حوکمی یاسا، دەوڵەت لە ڕێکار و هەڵسوکەوت و بڕیاری زاڵمانە و ستەمکارانە دەپارێزێت.

**ئەرستۆ سیستمی حومکڕانی بۆ سێ بەش دابەشدەکات.**

یەکەمیان سیستمی پاشایەتییە، کە تێیدا تەنها یەک کەس فەرمانڕەوایە، ئەو کەسە بریتییە لە پادشا و لە باشترین حاڵەتدا، ئیش بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکات.

دووەمیان سیستمی ئەرستۆکراتییە، کە تێیدا خێزانە دەوڵەمەندەکان فەرمانڕەوان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئیش بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکەن.

سێیەمیان سیستمی دیموکراسییە، کە تێیدا جەماوەر یان لە باشترین حاڵەتەدا هەموو میللەت فەرمانڕەوان.

خراپترین جۆری ئەو سیستمانە پادشایەتییە، چونکە پادشا دەبێت بە کەسێکی زۆردار و تەنها گرنگی و بایەخ بە بەرژەوەندی خۆی دەدات. ئەمە لە کاتێکدایە سیستمی ئەرستۆکراتی، دەگۆڕێیت بۆ سیستمی ئۆلیگاریشی، لێرەدا تەنها گرنگی و بایەخ بە بەرژەوەندیی کەمینەی فەرمانڕەوا و خزم و کەسەکانیان دەدرێت. بەڵام سیستمی دیموکراتی، لە خراپترین حاڵەتەدا دەگۆڕێت بۆ سیستمی پۆپۆلیزمی(میللەتگەرایی) دیماگۆکی(**دیماگۆگی وشەیەکی یۆنانیەوە بەمانای سەرپەرشتی خەڵک دێت. لەئەدەبیاتی سیاسیدا مانای خەڵەتاندنی خەڵک و قەناعەت پێکردنی خەڵکە بەو فکرەی کە کەسێک یان حزبێک هەوڵی بۆ دەدات)** کە بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی ناکات، بەڵکو بەرگری لە بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا دەکات بەڵام بەرووگەش بەرگری لە (عەوام)، گشت خەڵکی دەکات.

ئەمەش تێروانینی سیاسی ئەرستۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە کۆبوونەوەی مرۆیی.

**هزری سیاسی ئیبن خەلدوون:**

ئیبن خەلدوون (1332 – 1406ز)، ئیبن خەلدون دوو تەوەری سەرەکی پەیوەست بە کۆبوونەوەی سیاسی باس کردووە ئەوانیش.

١- دەمارگیری.

٢- سەرهەڵدان و لەناوچوونی دەوڵەتان.

دەمارگیری: بریتییە لە پەیوەستی هەندێک کەس بۆ یەکتری؛ تاکیش بە توندی بەرگری لەو کەسانە دەکات کە دەمارگیری هەیە بۆیان.

ئەمەش دەکرێت بە چەمکی (شوناس- ناسنامەس نەتەوەیی) لە ئێستا بەراورد بکرێت. کە لە ڕێگەیەوە خەڵک هەر شتێک ئەنجام دەدەن لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەت.

ئیبن خەلدون پێیوایە دەمارگیری دەبێتە هۆی پاراستن و بەرگریکردن لە هەموو ئەو شتانەی کە کۆبونەتەوە لە پێناویدا.

پاشان بابەتی فەرمەنڕەوایی دێتە ئاراوە، چونکە مرۆڤ بە سروشتی مرۆڤایەتی خۆی لە هەموو جۆرە کۆبونەوەیەکیدا، پێویستی بە فەرمانڕەوایەک هەیە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە دەرەنجامی جیاوازی بەرژەوەندی تاکەکان لە کۆمەڵگادا دروست دەبێت.

بۆیە پێویستە فەرمانڕاوا لەڕووی دەمارگیرییەوە، دەسەڵاتی هەبێت بەسەریاندا؛ گەرنا ناتوانێت ئەو کارە بکات.

**٣- بۆچوونەکانی سەبارەت بە سەرهەڵدانی شارستانییەت و دەوڵەتەکان:**

ئەو بیرمەندە جەختی کردۆتەوە لەسەر حەتمییەتی مێژوویی سەرهەڵدان و لەناوچونی شارستانییەت و دەوڵەتەکان. تیشکی خستوتە سەر پرسی وابەستەیی کومەڵایەتی و ململانێ.

پێبوابووە کۆمەڵگای وابستە زیاتر دەتوانێت بمێنێتەوە. بە پێچەوانەوە کۆمەڵگایەك تیایدا ململانێ زۆر بێت زۆرتر نزیکە لە لەناوچوون. پێشی وابووە، کە کومەڵگای مرویی بەشێوەیەکی گشتی بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕ دەبێت.

(دروستبوون هاوشێوەی قۆناغی منداڵی مرۆڤ، پێگەیشتن هاوشێوەی قۆناغی گەنجێتی مرۆڤ، لەنێوچوون هاوشێوەی قۆناغی پیربوون و مردن).

ئیبن خلدون بۆچونی وایە **دەوڵەت** بەرهەمی **خوێن** و **دەمارگیریە**.

ئیبن خلدون وا پێناسەی دەمارگیری کردوە دەڵێت: **دەمارگیری بریتەیە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاملخواز و فرەڕوو، لەسەر بنچینەی خزمایەتی خوێن یان چەند تۆڕێك لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی، کەلەئەنجامدا یەکێتی نێوان تاکەکان فەراهەم دەکەن.**

**دەمارگیری** گرنگترین زارەوەیە کە ئیبن خلدون لەنوسینەوەکانی بەکاری هێناوە دەکرێت بوترێت دەمارگیری لای ئەو **هۆکاری پەرەسەندنی سیاسی کۆمەڵگەیە**.

**دوو فاکتەر دەکاتە بنچینەی لەدایکبوونی دەوڵەت**

یەکەمیان، پێی وایە ڕۆڵی کۆمەڵگە یان ڕۆڵی هاونیشتیمانیان واتا (عصبیە) خۆی بەتەنیا بڕیاردەرە بۆ دروست بوون و بەردەوامیەتی و ژیانەوەی دەوڵەت و ئەو هێزە پێك دێنێت، کە دەوڵەت دەخاتە جوڵان. چەند ڕۆڵی هاونیشتیمانی بەهێز بێت ئەوەندە ڕۆڵی دەوڵەت بەهێزدەبێت و بەردەوام دەبێت لە بوونیدا.

فاکتەری دووەم بۆ دروست بوونی دەوڵەت (ئاینە).

**دەوڵەت لای ئیبن خلدون بەچەند قۆناغێکدا دەروات، بەسروشتی ١٢٠ساڵە.**

تەمەنی دەوڵەتیش بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت، **تەمەنی هەر قۆناغێکیش ٤٠ساڵە.** ئیبن خلدون ماوەی گواستنەوەی دەوڵەت **لە بارودۆخی بەهێز بۆ لاوازی بەسێ نەوە داناوە**

١- **ئەوەی یەکەم**: دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لەم ماوەیەدا **پارێزگاری لە ڕەوشی کۆچەرایەتی** دەکەن، **ئازا و دەمارگیر و بە مقاوەمەت**، بە **دەمارگیریەکی زۆرتوند جیادەکرێنەوە**. چونکە هێشتا **لەگەڵ سەردەمی شارستانیەتدا رانەهاتوون**.

٢- **ئەوەی دووەم**: لەم ماوەیەدا دەوڵەت **لە دەشتەکیەوە ژیانی دەگۆڕێت بۆ شارستانی (عصبیە) دەمارگیری بەرەو کەم بونەوە دەچێت**. بەڵام هێشتا پارێزگاری لەدەوڵەتەکەیان دەکەن، چونکە **سەرکەوتنەکان و ژیانی پێشویان لەبیرە، بەقۆناغی گواستنەوە دادەنرێت**، کەسێك تیایدا باڵا دەستە و دەوڵەت بەتەواوی دروست دەبێت.

٣- **ئەوەی سێیەم**: لەم ماوەیەدا خەڵکەکەی زیاتر گرینگی **بەرەفاهیەت و خۆشگوزەرانی دەدات، توندوتیژی دەمارگیریان لەبیر دەچێتەوە**، بەڵام **ڕۆشنبیریان پەرەدەستێنێت**. تواناى **پارێزگاری کردنیان لەدەوڵەت نامێنێ** و هەر بەڕوکەش دەسەڵاتیان هەیە واتا **ئەگەر هێرشیان بکەنەسەر ناتوانن مقاوەمە بکەن**، بەرگری ناکەن؛ بەهۆی نەمانی ئازایەتی و دەمارگیری دەوڵەت لەناودەچێت.

لەکۆتایدا تێبینیەك هەیە دەبێت ڕەچاوی بکەین، ئیبن خلدون تەمەنی دەوڵەت بە **(١٢٠)ساڵ** مەزەندە دەکات. بەڵام لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی دەوڵەتی مەزەندە کردوە، و لەپاڵ ئەوەشدا ناکرێت کەسایەتیەکی وەکو ئیبن خلدون ئەوەی نەزانیبێت کەچەندین دەوڵەت هەبوون زیاتر لەو ماوەیە ژیاون وەکو( دەوڵەتی ڕۆم – دەوڵەتی فارس – دەوڵەتی عەرەبی).

لەمبارەیەوە ئیبن خلدون درێژی تەمەنی دەوڵەتەکانی بەستۆتەوە بە **هەستی دەمارگیری لەفەرمانڕەوای دەوڵەتەکەدا**.

بەرای ئیبن خەلدوون یەکیك لە فاکتەرەکانی پشت ئەم لاوازبوون و تیکشکانی دەوڵەتان بریتییە لەوەی ئەگەر ئەو شارستانییەتەی دەولەت لاوازتربێت لەو شارستاتییەتی ئەو ناوچانەی دەسەلاتیان بەسەردا سەپاندووە ئەوە دەبێتە هۆی نائارامی و لاوازی دەوڵەتە نوێیەکە کۆتایی دێت.

ئەم حالەتە بە نەرێنی و هاودژی نیوان ژیانی سەربازی توندوتیژانەی (داگیرکەران) لەگەڵ ئەو ژیانە مەدەنی و شارستانییەی هەڵگری نەرموونیانییە (ئەندامانی وڵاتە داگیرکراوەکە)وەسف دەکات.

ئیبن خەلدوون ئامۆژگاری چینی جەنگاوەران دەکات لە شارەکاندا نیشتەجێ نەبن و پارێزگاری لە دەمارگیری و مۆرکی خۆیان بکەن و بەجیاوازی بمیننەوە لەگەڵ خەلکی شارەکاندا، کە بهیزی سەربازی ملیان پێ کەچ کردوون کەواتەپەیوەندییەك لەنیوان دەسەڵاتی سەربازی و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە.

## نیکولا ماکیاڤیلی (1469 - 1527) :

نیکوڵا میکیاڤیلی لەدایکبووی فلۆرەنسە - ئیتالیا یە. زیاتر لە ٢٠جار پلە و پێگەی بەرزی دیبپلۆماسی باڵیۆزخانەی بینیوە و بووە بە ڕاوێژکاری دووەمی کۆماری فلۆرەنسە و سەرپەرشتی کاروباری سەربازی و دەرەوەی کردووە.م یکیاڤیلی لە ئەنجامی قڵپبوونەوە و تێکچوونی باری سیاسی فلۆرەنسە تووشی گرتن و دوورخستنەوە بوو.

بیرۆکە سیاسییەکانی ماکیاڤیلی کە لە کتێبەکەی (میر)دا بوو، گواستنەوەیەکی نوێ بوو لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی بابەتە سیاسییەکاندا. بەتایبەتی لە بابەتی دەسەڵات و پاراستنی لەلایەن ئەوانەی خاوەنداریەتی دەکەن. بەپێچەوانەی ئەو فەلسەفەی سیاسیەی کە لە ئەرستۆوە تا سەردەمی رنسانس زاڵ بوو.

ماکیـاڤیلی ویستی بەتەواوی سەربەخۆ بێت لە زانستی سیاسەت و جیای بکاتەوە لە ڕەوشت. "مۆرێس دوفەرجیت" دەڵێت، کاتێک جیاوازی لە نێوان فەلسەفەی سیاسی لای ئەرستۆ و بەراوردی کرد لەگەڵ هەلوێستەکانی ماکیاڤیللی سەبارەت بە رەوشتی سیاسی دەڵێت.

ئەرستۆ یەکەم توخمی لە سیاسەتدا دروستکرد، ئەویش بەکارهێنانی ڕێبازی تێبینیکردن بوو لەکاتێکدا مەکفایلی توخمی دووەمی دروستکرد، ئەویش ڕێبازی بابەتی داماڵدراو لە لایەنی رەوشتییە.

هەروەها ئەو یەکەمین کەسە کە دروشمی "مەبەست پاساوی ئامرازەکانە" بەکارهێنا.

ئەگەر مەبەست لە فەرمانڕەوایی مانەوەی دەسەڵات بێت و حوکمڕانەکەی بۆ دەسەڵاتەکەی خۆی بەستێتەوە، ئەوا مافی خۆیەتی هەموو هۆکار و ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ گەرەنتیکردنی ئەوەی کە دەیەوێت، بەمەش ئامرازە رەوشتییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە سیاسەتەکەیدا نامێنێت.

پێی وایە زۆر پێویستە ئەگەر بتەوێت میر بیت ئەبێت سروشتی گەلەکەت بزانیت. لە دیدی ئەوەوە, سیاسەت هونەری دامەزراندنی دەولەتێکی تۆکمەیە کە بتوانێت مسۆگەریی ئاسایشی هاولاتیەکانی بکات لە ناوەوە و لە دەرەوەیدا لە سنووری یاسادا.

میکاڤیلیایی هەموو پێناسەیەکی رەوشت لە دەولەت ئەسەنێتەوە بۆ هەرچیەک لەدەری یاسا و ڕێنماییەکانیدا بێت. میکاڤیلیایی سیاسەت وەک ئامرازێکی براگماتیکییانەی بێلایەنانە سەیر ئەکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری خەڵک بەو شێوەیەی کە خزمەتی زۆرترین بکات.

هەمیشە دەسەلاتدارێکی خراپ کە تەبایی و ئاسایش و دلنیایی و سەقامگیری بپارێزێت و مسۆگەر بکات باشترە لە دەسەڵاتدارێکی باش کە دەولەتی بۆ سەقامگیر نەبێت و پشێوی پێ کۆنترۆڵ نەکرێت.

لەم باسەدا ئەڵێت" پێویستە میر لە کاتی پێویستبووندا چاکخواز بێت". جەخت لەسەر سروشتە پراگماتیکەکەی مرۆڤ ئەکات کەلە زۆربەیدا کە باڵادەستترە لە لایەنە سۆزداری و سیفەتە مرۆییەکانی. بۆ نموونە لە یەکێک لە وتەکانیدا لەبارەی مرۆڤەوە ئەڵێت: مرۆڤ زۆر لای ساناترە کە مردنی باوکی بیرچێتەوە هەتا لەدەستدانی میرات و موڵک و ماڵەکەی دوای باوکی.

گەل ئەو توخمە گرنگەیە لە هاوکێشە سیاسی و سەربازیەکاندا لای و پەیوەندی گەل و میر ئەو هاوکێشانە بە باری دەولەت و بەرژەوەندیەکانی یەکلا ئەکەنەوە بە هەر بارێکی سلبی و ئیجابیدا

میر ئەوە را ئەبینێت لە گەلەگەی پشتیوانی بکەن لە داگیرکردنی ولاتانی تریشدا بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆیان.

**هەندێک لە وتەکانی (میر):**

- میرەکان دەسەڵاتە و وڵاتەکانیان لە دەست ئەدەن کاتێک کە زیاتر لەوەی بە چەکەوە سەرقاڵبن خوو بدەنە خۆشڕابوێریی.
- پێویستە لە سەر میر کە خۆشەویست و ترسێنەریش بێت لە هەمان کاتدا.
- بەکارهێنانی ترس و تۆق لە سزادان ئەو ڕێگا درووستەیە کە هەرگیز نوشستی ناهێنێت.
- میر ئەبێت ڕیوی بێت بۆ رووبەرووبوونەوەی تەڵە نراوەکان و شێر بێت بۆ ترساندنی گورگەکان.
- میر نابێت پەیمانێک بباتە سەر کە دژی بەرژەوەندی خۆی بێت و نابێت پەیوەست بێت بە هیچ پەیمانێکەوە کە هۆکارەکانی بەستنی بەسەر چووبن.
- حوکمدانی خەلک پابەندە بەوەی کە ئەیبینن نەک ئەوەی کە تێیئەگەن, هەموو ئەتوانین ببینین بەڵام کەم هەیە ئەو بارودۆخە تێ بکات کە تۆی تێدایت.
- ئامانج، پاساو ئەدات بە ئامراز.
- ئەوەی کە میر ناشرین و دزێو ئەکات ئەوەیە کاتێک ستەمکارە ودەستبەشسەر مولک و ماڵی گەل یان ژنەکانیان بگرێت و ئەبێت لەمانە دوور بکەوێتەوە.

- **دواجار بینیمان کە دەوڵەتمەدارە میکیاڤیلیاییەکان هەموو نەتەوە و رەوگەز پەرست دەرچوون وەک فاشستە ئیتالیایەکان و نازیە ئەلمانەکان و کۆماریە ئیسپانەکان، کە زیاد لە پێویست میکیاڤیلیان لە چوارچێوەی رۆژگار و شوێنی خۆی هەڵکێشا و لە فەوزایەکی بەراددەیەکی زۆر بەکاریانهێنا و دەوڵەتی دیکتاتۆری تۆتالیتاریان دامەزراند و بە ئاکام رووخان!**

**هزری سیاسی کارل مارکس (1818-1883)**

گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە(رەخنەی ئابووری سیاسی، سەرمایە، شۆڕشی سۆسیالیزم). کتێبەکانی تر کە وەک توێژەران دەیبینن کاریگەریان لەسەر بزووتنەوە شۆڕشگێڕیی و ڕێکخستنەکانی جیهان هەبووە و سیما سەرەکیەکانی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆرێک لە وڵاتان، بەتایبەتی لە ئەوروپا و ئەسیاو ئەفریقیا و ئەمریکای باشوور هەبووە.

بیروبۆچوونەکانی مارکس ئیلهامی ئەو زانایانە بوو کە بەدوای ئەودا هاتوون کە سۆسیۆلۆژیای سیسییان دامەزراندبوو کە بڕوایان وابوو ململانێی چینایەتی نێوان چینی فەرمانڕەوا و چینی ژێردەستە بنەمایەکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا لەقۆناغێکی شارستانییەوە بۆ قۆناغێکی تر.

وەک گۆڕانی کۆمەڵگا لە سیستەمی کۆیلایەتی بۆ سیستەمی دەرەبەگایەتی، پاشان بۆ سیستەمی سەرمایەداری. مارکس توێژینەوەی سەبارەت بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کردووە و تیشکی خستە سەر هۆکار و دەرئەنجام و ڕۆڵی لە ئازادکردنی مرۆڤ لە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی.

گرنگیدانی مارکس بە چینی کرێکار (پرۆلیتاریا) وای لێکرد کە ئەو هەلومەرجە پێناسە بکات کە دەبێتە هۆی شۆڕشی ئەم چینە لە دژی سیستەمی سەرمایەداری. ئەمەش بە پاساوی ئەوەی کە ئیستغلالکردن و بەکۆیلەکردن و هەژاری و شتی تر کە چینی کرێکار توشی دەبێت. دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی سەرمایە و قۆرخکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە.

هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی چینی کرێکار، ئەو بارودۆخەی چینی کرێکار (پرۆلیتاری) دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسییان. ڕادەی هاوهەڵوێستی و ڕێک و پێکی ڕیزەکانیان و ڕابەرایەتیان دەکات بۆ هەڵگرتنی ئاڵای شۆڕشی سوسیالیستی کە ئامانجی خۆی لە کۆتایی هێنان بە ئیستغلالکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دادەنێت.

بەو هۆیەوە دەسەڵات لە دەستی سەرمایەداران وەردەگرێت و لە چنگی زۆرینە یان چینی کرێکاردا کۆیدەکاتەوە و سیستەمی موڵکایەتی دەستەجەمعی دادەمەزرێنێت. بۆیە هەموو وێنەکانی نامۆبوونی مرۆڤ لادەبات و دێموکراسی بەدەست دێنێت.

## هێز و دەسەڵات

### هێز:

چەمکی هێز یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی سیاسی. بەتایبەتی کاتێک باس لە کارلێکی نیوان سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، کە جۆرەکانی هێزمان بۆ دەردەکەوێت وەک هێزی کۆمەڵایەتی، هێزی سیاسی، هێزی ئابووری، هێزی ئاینی...هتد.

فەرهەنگەکان بەجۆرێک پێناسەی هێزە دەکەن، وەک هەموو ئامرازێک کە بتوانێت کاریگەری دروست بکات لە کۆمەڵگادا.

هێزی کۆمەڵایەتی، هەر پاڵنەرێکی کاریگەرە کە دەبێتە هۆی کارێکی کۆمەڵایەتی، واتە خواستی تاک بۆ وەرگێرانی بڕاردە و خواستەکانی خۆی بۆ واقیعێکی کرداری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

ئەمەش مانای سەرکەوتنی تاک لە گەیشتن بە خواستەکانی دەگەیەنێت؛ تەنانەت گەر دژ و پێچەوانەی خواستی کەسانیتر بێت لە کۆمەڵگادا.

هێز ڕێگە بە هەندێک کەس دەدات کە ئیرادەی خۆیان بەسەر کەسانی تردا بسەپێنن.

**دەتوانیین چەمکی هێز لەسەر سێ ئاست بەکار بهێنیین:**

- لەسەر ئاستی ئاک و پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا.
- لەسەر ئاستی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی نێوانیان.
- لەسەر ئاستی دەولەتان(کۆمەڵگاکان) و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

چییەتی(ماهیەتی) هیز خۆی لەخۆیدا بوارێکی بەپیتییە بۆ توێژینەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی سیاسیدا کە

بانگهێشتی چەندین زانای ئەم بوارەی کردووە بۆ ئەوەی تیۆری تایبەت بەبواری هێز و دەسەڵات بخەنە ڕوو.

چەمکی هێز پەیوەستە بەچەندین چەمک و هزرری ترهەموویان لەژێر بواری کۆمەڵناسی سیاسیدان وەک: دەسەڵات، هەژموون(نفوز)، توندوتیژی...هتد.

**دەسەڵات:**

دەسەڵات بریتییە لە بەکارهێنانی ڕەوای هێز بە شێوەیەکی پەسەندی کۆمەڵایەتی، ئەو هێزە شەرعیەی کە لەلایەن کەسێک یان گرووپێکەوە بەسەر کەسانی تردا پیادە دەکرێت.

توخمی شەرعییەتی توخمێکی گرنگی بیرۆکەی دەسەڵاتە و ئەو ئامرازی سەرەکییە کە بە هۆیەوە دەسەڵات لە چەمکە گشتیەکانی دیکەی هێز جیادەکرێتەوە.

هێز بە زۆر یان بە توندوتیژی دەسەپێنرێت، لەبەرامبەردا دەسەڵات پشت دەبەستێت بەپەسەندکردنی ژێردەستەکان بۆ پێدانی مافی سەرۆکە سەرووەکان بۆ دەرکردنی فەرمان یان ڕێنماییەکان.

**(ماکس ڤێبەر) دەسەڵاتی شەرعی دابەش دەکات بۆ سێ جۆر:**

**دەسەڵاتی نەریتی:** هێزێکە کە شەرعییەتی خۆی بە ڕێزگرتن لە مۆدێلە کولتوورییە چەسپاوەکان بەدەست دەهێنێت.

**دەسەڵاتی کاریزمی:** هێزێکە کە شەرعییەتی خۆی لە ڕێگەی توانای تایبەتی نائاساییەوە کە ئیلهامبەخشی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی دەکات.

**دەسەڵاتی عەقڵانی یاسایی:** هەروەها بە دەسەڵاتی بیرۆکراسی ناسراوە، هێزێک کە شەرعییەتی خۆی لە یاسا و ڕێسا دامەزراوەکانی وەک حکوومەتەکان وەرئەگرت.

**یەکەم جۆری دەسەڵات بریتییە لە دەسەڵاتی تەقلیدی:** کە لە داب و نەریت و بونیاد و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەرگیراوە. کاتێک دەسەڵات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک ئاڵوگۆڕ دەکرێت، ئەمە بە دەسەڵاتی تەقلیدی ناودەبرێت، مافی میراتی پاشاکان لە دەسەڵات نمونەیەکی روونی ئەم جۆرەیە.

ئەم دەسەڵاتە پشت دەبەستێت بە داب و نەریت و ڕێزلێگرتنەکەی و شەرعییەتی ئەم نەریتانە لە باوەڕی زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگاوە دێت لە پیرۆزی و دەسەڵاتی ڕژێم لە کۆنترۆڵدا وەک لە ڕابردوودا بە میراتی ماوەتەوە.

لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە پیرۆزی نەریتە میراتییە کۆنەکان و شەرعییەتی دەسەڵات دەگەڕێتەوە و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی لە تاکەکانی دەسەڵاتەوە وەرگرتووە.

وێبەر پێی وایە کاریگەری ڕاستەوخۆی سوڵتانی نەریتی لەسەر کۆمەڵگا لاوازکردنی هەڵوێست و چالاکیە ئابوورییە هۆشیارەکان یان عەقڵانییە لە ئابووریدا .

چونکە بە ئیمتیازاتێک بەڕێوەدەبرێت کە فەرمانڕەواکان بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن، تاکەکان ئەترسن بۆ ئەوەی دەستپێشخەریی ئابووری و دارایی یان بازرگانی بکەن نەوک بەرکەوتن رووبدات لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتدارەکانیان.

**دووەم دەسەڵاتی کاریزمی:**

کاریزما مەبەست لە تایبەتمەندی و سیفەتە نائاساییانەی کەسێکی دیاریکراوە، چ سیفەتەکانیان ڕاستەقینە بێت یان بە فیکە.

هەوادارانی ئەو کەسایەتییە نایابە لەو باوەڕەدان کە "سەرکردەی کاریزما" نێردراوی خوداییە و چاکە بۆ گەل و شوێنکەوتوانی خۆی دەهێنێت. هەروەها هێزی خۆی لە بیروباوەڕی جەماوەری وەردەگرێ، ئیلهام بە خەڵک دەدات و سیفەتی سەرووسروشتی هەڵدەگرێت و توانای نائاسایی هەیە، کە کەسایەتی خۆی پێ بەدەست دەهێنێت.

کاریزما، سیستەمی تاکەکەسی سەرکردەیەک کە ئیلهام و غەریزەیەکی سیحری هەیە. ئەو توانا نائاساییەیە کە سەرکردەیەک بەهۆیەوە دەسەڵاتی خۆی بە دەست دەهێنێت.

ئەم جۆرەی دەسەڵات ناجێگیرە، بە بۆچوونی ڤێبر بەهۆی دووری لە کارکردن بەشێوەی دامەزراوەیی. واتا ئەم جۆرەی دەسەڵات بەشێوەیەکی دامەزراوەیی و سیستەم کارناکات.

چونکە هێز و شەرعییەتی سیستەمی سیاسی بە کەسێکەوە بەستراوەتەوە کە سەرکردەی ئیلهامبەخشە. هەندێک جار سەرکردەی ئیلهامبەخش تەنیا لەلایەن ئەو کەسانەوە ئیلهامبەخشە کە لە ژێر کاریگەری ئەودان و شوێنکەوتەی ئەون.

کاتێک دامودەزگا سیاسییەکان ناتوانن لە هەموو ئاستەکاندا ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەوا سەرکردە سیاسی و ئایینی و یان هاوشێوەکان سەرهەڵدەدا و داوای گۆڕان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی دەکەن

وێبەر لەو بڕوایەدایە کە بەو پێیەی ئەم جۆرە دەسەڵاتە لەسەر بنەمای ڕێسای تەوافوقی و چ بە شێوەی عەقڵانی و نەریتی بەڵکو بە (پێشنیار) یان ئەوەی بۆ خەڵک دەردەکەوێت کە حوکمیان کردووە کە سیفەتەکانی فەرمانڕەوا سیفەتی نائاساییں.

بۆیە ئەم جۆرە کەسانە خۆشیان پێانوایە کە  داوای گەیاندنی پەیامێکی دەکەن، بۆیە بۆیە کارەکانیان و هێز و دەسەڵاتیان زیاتر لەسەربنەمای سۆزدارییە نەک ئەقڵی و لۆژیکی. لە ئەنجامدا زۆرینەی ئەو هێز و دەسەڵاتانەی بەم جۆرەن زیاتر پشت بە متمانە دەبەستن کە زۆرجار کوێر و دەمارگیرە.

**سێیەم دەسەڵاتی عەقڵانی یاسایی:**

ئەو جۆرە دەسەڵاتەیە کە پشت بە شەرعییەتی یاسا و یاسای فەرمی دەبەستێت لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا و عادەتەن زۆر ئاڵۆزە.

هێزی دەسەڵاتی عەقڵی یاسایی لە دەستووردا چەسپێنراوە.

کۆمەڵگا مۆدێرنەکان پشت بەدەسەڵاتی یاسایی عەقڵانی دەبەستن، بەرپرسانی حکومەتیش باشترین نموونەی ئەو جۆرە دەسەڵاتەن لە کۆمەڵگەدا. ئەم جۆرە دەسەڵاتە شەرعییەتی خۆی لە گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ یاسا وەردەگرێت.

وێبەر ئەوە تاکیدەکاتەوە کە پێویستە مەمارەسەی فەرمی دەسەڵاتی دیاریکراو کە بە دەسەڵاتدار سپێردراون لە ژیانی تایبەتی جیاببنەوە.

دەتوانین بڵێین ئەوانەی کە دەسەڵات دەچەسپێنن بەپێی دەستوور بەکاریدەهێنن کەسێک کە لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی دیاریکراو دێتە سەر حوکم شەرعییەتی هەیە و ئەم یاسایانەش وەک باسمان کرد دەقەکانی دەستوورن بۆیە ئەم دەسەڵاتە لەسەر بنەمای باوەڕ و زانست و تایبەتمەندێتی عەقڵانییە و بە پێی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نۆرمی دیاریکراوە.

دەسەڵاتدار لێرە دەسەڵاتی شەرعی هەیە کە فەرمان بدات. کەسێک کە دەسەڵات دەگرێتە دەست، لەسەر بنەمای ئەو یاسا ناکەسییانە دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکات و لەبەر ئەوە دەسەڵاتەکەی بەم یاسایانە سنورداره.

ئەوە ڕونکردنەوەی دەسەڵاتە لە کەسایەتییە تاکەکەسییەکەی کە ئەورووپای لە قۆناغی سیستەمی دەرەبەگییەکانەوە گواستووەتەوە بۆ قۆناغی دەوڵەت- نەتەوە- لە شێوەی دیموکراتیدا، پاش ئەوەی پاشایەتی گشتگیر تێدەپەڕینێت.

گواستنەوەی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگەی تەقلیدییەوە بۆ کۆمەڵگای عەقڵانی، بە پێی ویبەر، حەتمییە.